# گوننار ئێکێلۆف

1968 - 1907



سی و حەوت ساڵی رێک لەمەوبەر، لە بولیێڵەی بەیانیی رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ، دڵی پڕ لە ئەڤینی کوردەواری و هیند و هەموو رۆژهەڵاتی ناوینی گوننار ئێکێلۆف لە لێدان کەوت.

ئەو رۆحی نامۆ و ئەڤینداری کورد و هەموو رۆژهەڵاتی ناوین بوو لە جەستەی سوێدییەکدا.

**ئەم نووسینە پێناساندنێکی ژیانی گ. ئێکێلۆفە، پێشەکییە بۆ قەسیدەی " داستانی فاتیمە " کە من کردوومە بە کوردی و لەم ماوەیەدا چاپ دەکرێت.**

**دەمەوێ لێرەدا، لای خوێنەری کوردیش، سوپاسی " سوزان" ی کچی گوننار ئێکێلۆف بکەم، کە مافی وەرگێڕان و چاپکردنی قەسیدەی " دیوان لەبارەی میری ئێمگیون " و " داستانی فاتیمە " ی باوکە شاعیرەکەی دامێ.**


**رزگار شێخانی**

rizgar_shekani@yahoo.se



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ستۆکهۆلم، 15 ئەیلووی 1907، شەقامی نیبرۆ، خانووی ژمارە 34. لەم کات و شوێنەدا، یەکێك لە شاعیرە هەرە گەورەکانی مێژووی ئەدەبی سویدی لە دایك بوو.

دایك و باوکی گوننار لەدوو خێزانی زۆر لە یەکتری جوداوە هاتبوون. دایکی بە پێنج پشتان بۆ دواوە خێزانێکی بۆرژوای دەوڵەمەند بووە، باوکیشی سێچوار پشت بۆ دواوە هەژار بوونە.
باوکی لە تەمەنی بیست و هەشتساڵیدا دێت بۆ ستۆکهۆلم، گوایە پێشتر چەند ساڵێك لە چاپخانەیەکی شاری یۆنشۆپینگ کاری کردووە. دەمێ هاتە ستۆکهۆلم، هەر حەزی لە کاری چاپخانە دەکردو لە چاپخانەیەك دەستی بە کارکردن کرد. لە کارەکەیدا لێزان و بە توانا بوو، دوای چەند ساڵێك حەزیکرد کارێکیتر تاقی بکاتەوە. ساڵی 1900 لە بیرۆیەکی بۆرسەدا دادەمەزرێت و دوای دوو ساڵان کرا بە ژمێریار، بە هۆی ئەم کارەیەوە لە هەموو نهێنییەکانی بۆرسە گەیشت و زۆر خولیای ئەم کارەی بوو. ساڵی 1905 نوسینگەیەکی بۆرسەی بۆخۆی دانا. لە ماوەی ساڵێکدا پارەیەکی زۆری قازانج کرد. چەند ساڵێك دواتر گێرهارد یەکێك بوو لە دەوڵەمەند و بۆرسەزانەکانی ستۆکهۆلم. لەنێو چینی بۆرژواو دەوڵەمەندەکاندا رێزی لێدەگیراو وەك هاوچینی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرد. ساڵی 1905 گێرهارد کچێکی گەنج و جوانی خێزانێکی بۆرژوا دەناسێت. ئەم چل ساڵ و کچەکەش بیست و پێنج ساڵ بوو. جیاوازی تەمەنیان گرفت نەبوو لەوەی ببن بە هاوسەر، ساڵی 1906 بوون بەژن و مێرد و ساڵی دواتر گوننار لەدایك دەبێت.
لە سەرەتای ژیانی منداڵیی گوننار دا، دایك و باوکی ناکۆك بوون و رێکنەدەکەوتن. لە نێوانیاندا تەنێ جیاوازییەکی زۆر لە تەمەن و رەچەڵەکیاندا نەبوو، بەڵکو لە شێوەی ژیان و باوەڕی ئاینییشیاندا هەبوو. باوکی ئینجیلی دەخوێندەوە و قەت شەراب و مەی نەدەخواردەوە. هەر حەزی لە کارەکەی دەکردو کوڕەکەی زۆر خۆشدەویست. دایکیشی ژنێکی جوان و چاولەدەر بوو. حەزی لە جلوبەرگ کڕین و چوونەدەرەوە دەکرد، حەزی لە داوەتکردنی دۆست و برادەرانی دەکرد، کە لەگەڵ خواردن، شەراب نۆشبکەن و لەگەڵ قاوەشدا، کۆنیاك بخۆنەوە. باوکی زۆر دژی ئەوەبوو کە لەماڵ شەراب بخورێتەوە، بەڵام دایکی هەر بە ئارەزووی خۆی دەکردو بۆی دەچووەسەر. ئەم ناکۆکی و رێکنەکەوتنانەیان وایکرد لەسەر پەروەردەی کوڕەکەشیاندا ناکۆکبن.
لە دەوروبەری ساڵی 1910 دا گێرهاردی باوکی، حاڵەتی دەروونیی دەشێوێت و هەر بەرەوخراپی دەچوو. بەهاری ساڵی 1915 ڤالبۆری دایکی، لەم ژیانەیدا لەگەڵ پیاوێکی نەخۆش، بێزار دەبێت و داوای تەڵاق دەکات، مامەلەی تەڵاقدانەکە تەواونەببوو کە گێرهارد ساڵی پاشتر مرد

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوننار ئێکێلۆف له هەرەتی لاویدا که خوێندکاری ئامادەیی بوو، زۆر حەزی له ئەدەب و موسیك دەکرد، بەتایبەتیش موسیکی هیندی و ئەدەبی کلاسیکی رۆژهەڵاتی ناوین. زۆر ئاشقی شیعرەکانی ئیبن ئەلعارەبی بوو. زۆر حەزی لەخوێندنەوەی کتێبی ئاینیی دەکرد، بەتایبەتیش خوێندنەوەی "داماپادا" که کۆنترین نووسینی بودیسمه. لەوەدەمەدا، بێزی له ئەوروپاو مەسیحایەتی دەبۆوە، ئاشقی روژهەڵاتی ناوین و هیند بوو. " تەرجومان ئەلئەشواق" ی ئیبن ئەلعارەبی خۆشەویسترین کتێبی بووە. هاوینی ساڵی 1924 گ. ئێکێلۆف حەقدە ساڵی پڕدەکرد، پشووی هاوینەی له گوند، لای ئامۆزاکانی بوو، ئیتر کاتی زۆر بوو بۆ خوێندنەوەی شیعرەکانی ئیبن ئەلعارەبی. لەو هاوینەدابوو که نامەیەکی شیعری بۆ دایکی دەنووسێت. هاوینی ساڵی دواتر به تەنیا سەفەر بۆ پاریس دەکات. سەردانی " لۆڤر" ی کردبوو، لەنامەیەکدا لەبارەی "مۆنا لیسا"وە نووسیویەتی: بەڕاستی دەتوانی چەندان سەعات بەرانبەری بوەستیت و بەردەوام جوانی لەم تابلۆیەدا ببینیت. شارو شوێنی تریش گەڕابوو. لەو نامانەی که بۆ دایکی نووسیبوون، تێیاندا زمانی شیعریی وەك رووبار باناویاندا دەروات." هەنگاوە بێدەنگەکانی سەرگیا... لەئاسماندا پەڵەهەورەکان لەسەرخۆ دەکشێن، بێئەوەی کەسێك هەبێ بزانێت له کوێوە هاتوون و بۆ کوێ دەڕۆن... بەسەر حوشتری ئارەزوومدا" لێرەدا حوشتری ئارەزوومی راستەوخۆ له تەرجوومان ئەلئەشواقەوە وەرگرتووە. لەوێدا حوشتری خۆشەویستی و ئارەزوو هەیە.

مانگی پێنجی ساڵی 1926 خوێندنی ئامادەیی تەواودەکات، ئیتر ئازادبوو لەوەی که لەماڵ دەربچێت و بەم جیهانه گەورەیەدا بگەڕێت. بۆئەوەی زێتر لەدابونەریت و فەلسەفەی ئاینیی هیندستان بگات، دەبوو خۆی فێری زمانیتر بکات. چوو بۆ لەندەن و لەوێ چەند مانگێك زمانی هیندی، بەنگالی و فارسی خوێند. پایزی هەمان ساڵ گەڕایەوە بۆ سوێد و له زانکۆی ئوپسالادا زمانی فارسی خوێند. له ئوپسالا زۆر تەنیاو دوورەپەرێز دەبێت، دۆست و برادەری نەبوون. زستانی ساڵی 1927 دووچاری نەخۆشی گەدە دەبێت، ماوەیەك له نەخۆشخانه دەکەوێ و ئیتر دەستبەرداری خوێندنەکەی دەبێت و دەگەڕێتەوە بۆ ستۆکهۆلم. لەوەدەمەدا ئارەزووی خوێندنەوە ئیبن ئەلعارەبی کەم دەبێتەوەو وایدەبینێت که شیعرەکانی خوێنەر له فرمێسکدا نقوم دەکەن.

ساڵی 1928 بەفرەنسی، ئەدەبی فرەنسی دەخوێنێتەوە. بەڵام ساڵی پێشتر له نامەیەکدا بۆ دایکی، نووسیبووی: حەزمدەکرد له فرەنسا لەدایك ببوومایه، چوونکه رووناکبیرە فرەنسییەکان، لەهەموو ئەورووپییەکان ئازادترن.

له کۆتایی ساڵی 1929 دا، بەنیازی موسیك خوێندن سەفەری بۆ پاریس کرد. ئەو "پاریس"ـەی که گونەر ئێکێلۆف بۆی چوو، لەساڵانی بیستدا مەڵبەندی چالاکی

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەدەب، هونەر، موسیك، بالێت و ئەركیتێكتوور بوو. ساڵانی بیست ساڵانی " یسم" ــەكان بوو. سەرەتا دادایسم و لەویشەوە سووریالیسم لەدایك بوو، كە ئەندرێ برێتۆن، ساڵی 1924 یەكەم مانیفێستی بڵاوكردەوە.
هیچ سەیر نەبوو كە گ. ئێكێلۆڤ چووە پاریس، چونكە لەوێ هەموو شتێك روویدەدا. ئەودەم هەندێ گیروگرفتی هاتنەرێ و نەیتوانی موسیك بخوێنێت. ئەوەبوو خۆی بۆ شیعر نووسین تەرخان كرد. سەرەتا تەنیابوو، كەسی نەدەناسی، پاشان بە ئوتو. گ. كارلسوند_ ی هونەرمەند ئاشنا دەبێت. كە لە "ستۆكهۆلم" یش دووربەدووری دەیناسی. ئەو دە ساڵان لە ئێكێلۆف گەورەتر بوو، لە ساڵی 1924 وە لە پاریس دەژیا. لەوێ هونەری خوێندبوو، خەڵكێكی زۆری دەناسی. كە كارلسوند زانی گ. ئێلێلۆف پارەی هەیە، هەوڵیدا ئارەزووی بخاتە سەر مامەڵەی كڕین و فرۆشتنی تابلۆ. كارلسوند هەشت هەزار كرۆن لە گ. ئێكێلۆف قەرز دەكات، بۆ ئەوەی تابلۆیەكی پیكاسۆ بكڕێت و بیفرۆشێتەوە مۆزەخانەی نەتەوەیی سوێد، یان هەركڕیارێكیتر. گ. ئێكێلۆف بەهۆی كارلسوندەوە شارەزاییەكی زۆری لەسەر تیۆری هونەر پەیداكردبوو. هاوینی ساڵی دواتر گەڕایەوە ستۆكهۆلم.
ئەو ستۆكهۆلمەی ئەو بۆی گەڕایەوە، ئەگەرچی بەشداری لەجەنگی یەكەمی جیهانیدا نەكردبوو، بەڵام وەك تەواوی ئەوروپا، خەریكی خۆدروستكردنەوە و سارێژكردنی برینەكانی بوو. لە هەموو بوارەكانی كولتووریدا، روانین و تێگەیشتنی نوێ چرۆیان كردبوو، زۆر گرووپ و تاقمی ئەدەبی، هونەری و سیاسی دروست ببوون. بڵاوكردنەوەی مانیفێستو دیالۆگی هزری هاودەمیش پێویستیان بە سەكۆی ئازاد هەبوو. بۆیە زۆر لەو گروپانە گۆڤارو بڵاوكراوەیان هەبوو. " گ. ئێكێلۆف" یش لەگەڵ چەند شاعیرو رووناكبیرێكدا گۆڤاری "سپێكترووم" دەردەكەن، كە ژنە شاعیری گەورەی سوێدی " كارین بۆیێ" یەكێك بوو لە دەستەی نووسەرانی. گ. ئێكێلۆف شیعری سووریالییە فرانسییەكانی كردبووە سوێدی و لەم گۆڤارەدا بڵاوی دەكرنەوە. "برێتۆن، ئاراگۆن، ئێلوارد" و ئەوانیتریش، ئەودەم لە سوێد نەناسرابوون.
پایزەكەی ئاشنایەتی لەگەڵ كچێكدا دەكات كە ناوی " گونێل" بوو، هاوینی ساڵی1931 دەبێتە دەستگیرانی و هاوینی ساڵی دواتر دەبنە ژن و مێرد.
ئەپریلی ساڵی 1932 گۆڤاری "سپێكترووم" یەكەم دیوانی گ. ئێكێلۆف چاپدەكات. پاشان شاعیر ئەم دیوانە بە " كتێبی خۆكوشتن" ناودەبات. چونكە لەودەمەدابوو كە " كارین بۆیێ" ئاشنایەتی لەگەڵ " گونێل"ی ژنی گ. ئێكێلۆف پەیدا دەكات و ئاشقی یەكتری دەبن.
گونێل مێردەكەی جێدێڵێت و لەگەڵ كارین بۆیێ دا بەیەكەوە دەژین. ئەم جیابوونەوەیە كاریگەری زۆری دەبێت لەسەر گ. ئێكێلۆڤ، شەوان بەشەقامان دەكەوێت و هەست بەنامۆیی دەكات. لەنامەیەكدا كە بۆ" گونێل" ی ناردبووە،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نووسیویەتی: لەدەمی منداڵییەوە تائێستا ئەمڕۆ بۆیەکەمجار گریام، خوارمەوە، بەڵام دادی نەدام. لەودەمەدا گ. ئێکێلۆف زۆر هەستی بەتەنیایی دەکرد و لەژیان بێزاربوو، هەمیشە دەمانچەی لەباخەڵ بوو، بۆئەوەی هەرکاتێك دوا بڕیاریدا، یەکسەر خۆی بکوژێت.
لە کەلێنی ساڵی 1932 – 1933 دا زۆر پەخشانو شیعری سوورياليیە فرەنسییەکانی وەرگێڕایە سەر زمانی سوێدی، لە رۆژنامەی "رۆژنامەی ستۆکهۆلم"دا گۆشەیەکی هەبوو، کەتێیدا ئەم "یسم"ـە نوێیەی بەخەڵك دەناساند. زستان و بەهاری ساڵی1933 دوای ئەوەی ئاشنایەتی لەگەڵ کچێکدا دەکات کە ناوی " ئیرمە" بوو، باری دەروونی هێور دەبێت و وردە وردە، دەردە " گونێل" فەرامۆش دەکات.
پایزی ساڵی 1933 گ. ئێکێلۆف و ئیرمە لە بەرلین دەگوزەرێنن. لەنزیکەوە ئەم بزووتنەوە سیاسییە نوێیە دەبینن کە هیتلەر رابەرایەتی دەکرد. ئەودەم نازییەکان خەڵکیان جۆشدەداو خۆیان بۆ جەنگ ئامادە دەکرد. وتارەکانی هیتلەر لەرادیۆ بڵاودەکرانەوەو لە میکرەفۆنی سەرشەقامەکانیش پەخش دەکران. هەمووکەسێك گەرەکیبا یان نا، گوێی لەم وتارانە دەبوو. لە زستاندا بەرلین جێدێڵن و دەگەڕێنەوە ستۆکهۆلم. هاوینی ساڵی دواتر لەبارەی زەماوەندگێڕانەوە دەپەیڤن. لەودەمەدا ئیرمە ئاشقی "ئێیڤیند یۆنسۆن 1900- 1976 " دەبێت و بەنهێنی پەیوەندییان دەبێت. بەئاشکرابوونی ئەم پەیوەندییە نهێنییە، پەیوەندی گ. ئێکێلۆف و ئیرمە دەپچڕێت.
ساڵی 1934 ئارتور لوندکڤیست دەناسێت و بەیەکتری ئاشنادەبن. ئەوانو چەند نووسەرێکیتر رێکدەکەون کەگۆڤارێکی تایبەت بەشیعر دەربکەن. ئەگەرچی هزرو تێگەیشتنیان لەمەڕ ئەدەبەوە لەیەکتری جودابوون. ئارتور تازە بەسووريالیزم سەرگەرم ببوو، گ. ئێکێلۆف یش بەئاشکرا بێبەریی لێدەکردو دەیوت "من سووريالی نیم". ساڵی دواتر بۆماوەیەك دەچێتە دوورگەیەك، بۆئەوەی بەئارامی بژی و دووربێت لەخەڵك.

ساڵی 1948 خەڵاتی نوبێل درا بە ت. س ئێلیۆت. لە زۆر لاوە داوا لە گ. ئێکێلۆف کرا کە لەبارەی ئێلیۆتەوە را و بۆچونەکانی خۆی بڵێ، چونکە پێشتر چەند رەخنەگرێك، رەخنەی ئەوەیان لێی گرتبوو، کە گوایە کاریگەریی ئێلیۆتی بەسەرەوەیە. ئەمە هەلێکی باشە بۆئەوەی بەرپەچی ئەم رەخنانە بداتەوەو لەمبارەیەوە قسەی خۆی بکات. لەراستیدا تا ساڵی 1941 یش بەوردی ئێلیۆتی نەخوێندبۆوە، ئەودەم هەر "خاکی نەزۆك" و چەند شیعرێکیتری خوێندبۆوە. لەبارەی ئێلیۆتەوە وتی: شاعیرێکی گەورەی سەردەمە. رووناکبیرو سەفیرێکی کولتوورییە، کە پەیوەندییەکی فرەلایەنی لەگەڵ ئەدەبدا هەیە. دەکرێ ئەم خەڵاتە وەکو جۆرێکی خەڵاتی ئاشتی لە دنیای شیعردا تەماشا بکەین. بەڵام

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەبارەی کاریگەری ئێلیۆت بەسەر منەوە، راستییەکەی ئەوەیە کە ئەو بۆ من مانایەکی گەورەی نییە.
سەرەتای ساڵی 1952 لەگەڵ ژنێکیتر کە ناوی " ئینگرید" بوو، دەبن بە ژن و مێرد. لە هاوینی هەمان ساڵدا، بە ئۆتومبیل گەشتێك بە ئەورووپادا دەکەن. ئەو چەند رۆژەی کە لە پاریس بوون، سەردانێکی کورتی " ئەندرێ برێتۆن" یانکرد. ماڵەکەی برێتۆن تۆزاویی و نارێك بوو، کتێب و رۆژنامە لە هەموو لایەکی ماڵدا پەرشوبڵاو بوو. بەدیوارەکانیشەوە زۆر تابلۆ هەڵواسرابوون. پاشان چوونە "سانگت تروپێز" کە "پۆل ئێلوارد" ی لێبوو. سەرەتای ساڵانی بیست ئێلوارد لەگەڵ سوورریالییەکان بوو، بەڵام قەت نەبوو بە سوورریالییەکی تەواو. ئەو رێگای ئەدەبی و سیاسی خۆی هەڵبژارد، سەرەتای سالانی سی بەئاشکرا پەیوەندی لەگەل برێتۆن تێکچوو، چونکە پێیوابوو برێتۆن مێتودی دیکتاتۆریانەی هەیە لەکارکردن و رابەرایەتی کردنی سوورریالییەکاندا. پاشان بوو بە ئەندامی پارتی کۆمۆنیست.
ژنی ئێلوارد دەرگای لێکردنەوەو بەخێری هێنان و لە ژووری میوانان دانیشتن. ماڵەکەیان وەکو بەفری تازە کەوتوو سپی و پاك بوو، کەلوپەل و وردەواڵەیان زۆر نەبوو، لەناو سەبەتەیەکی بچوکی سەر مێزێکدا، چەند میوەیەك هەبوو. گ. ئێکێلۆف بیری لە جیاوازی لەگەڵ ماڵی "برێتۆن" دا کردەوە، کە ماوەیەك لەمەوبەر لە پاریس سەردانی کردبوو. ئێلوارد هاتە ژوورەوە، پشت کوور و رووخسار خۆڵەمێشی، دەست لەرزۆك و بێرەنگ. تەمەنی 57 ساڵ بوو، بەڵام زۆر پیرتر دیاربوو. چاوەکانی کەوتبوون و نەیدەتوانی بپەیڤێت، ژنەکەی لەجیاتی ئەو قسەی دەکرد و ئەویش سەری بۆ دەلەقاند. دیاربوو زۆر نەخۆش بوو، بەم شەکەتییەشەوە چەند وێنەیەکی مێوانەکانی گرت، هات لەگەڵیان دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساندو کەوتنە پەیڤین لەبارەی تیۆری هونەر. پاشان گ. ئێکێلۆف باسی ئەوەی کرد کە چەند رۆژێك لەمەوبەر سەردانی" برێتۆن"یان کردوە، " باشە بزانیت کە پۆل پانزە ساڵە برێتۆن_ ی نەبینیوە. لەبارەی سیاسەتیشەوە، ئێستا پۆل حەزدەکات هیچ پەیوەندییەکی بەسیاسەتەوە نەبا. دوای چەند مانگێك پۆل ئێلوارد دەمرێت.
پایزی ساڵی 1957 لەگەڵ ژن و سوزان_ ی کچیاندا بۆچەند مانگێك گەشتێکی ئیتالیا و گرێك دەکەن. سەرەتای ئەپریلی ساڵی پاشتر، لە گرێك بوو کاتێك هەواڵی بۆ هات کە زانکۆی ئوپسالا بۆ رێزلێنان لە کارو بەرهەمەکانی" دکتۆرای رێزلێنان"ی دەداتێ. دوای چەند هەفتەیەك، لە 21 ئەپریلدا تێلێگرامێکی لە ئەکادیمیای سوێدییەوە پێدەگات. ئەکادیمیا هەڵیبژاردووە ببێ بە ئەندام تێیداو کورسی ژمارە 18 بدرێتێ.
بە هەڵبژاردنی ئەو بە ئەندام لە ئەکادیمیای سوێدییدا، زانی کە رێزی لێگیراوەو لە هەمان کاتیشدا دانپیانانیشە بە گەورەیی و کاریگەری ئەو لە شیعری سوێدیدا.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئێکێلۆف حەزی لە ناودەرکردن و بەشداریکردنی بۆنەو کۆنفراسە گەورەکان نەدەکرد، کە وەکو ئەندامێکی ئەکادیمیا، دەبوو ئەم کارانە بکات، چونکە کەمێك شەرمن و دوورەپەرێز بوو. بەلام بوون بە ئەندام لە ئەکادیمیا دایك و پووری زۆر دڵخۆش دەکرد. ئەوکاتە بە ئینگرید_ی ژنی گوت: لەبەر خاتری ئەو خانمە پیرانە رازیدەبم. لە سالانی سیدا دایکی دەیشکاندەوەو بەگومان بوو لەوەی کە کوڕەکەی ببێ بە نووسەرێکی باش. بەلام "هاننا" ی پووری هەمیشە یارمەتی دەداو هانیدەدا بنووسێت. هەڵبژاردنی ئەم بە ئەندام لە ئەکادیمیادا ئەوەش دەگەیەنێت، کە پووری راست و دایکی هەڵەبوو، کە بۆ گ. ئێکێلۆف مەسەلەیەکی گرنگ بوو.

لەماوەی ئەو دە ساڵەی کە ئەندامی ئەکادیمیا بوو، تەنێ دژی ئەوە بوو کە خەلاتی نوبێل بدرێتە شۆلۆخۆف و پاپلۆ نیرۆدا، گونەر دەیوت: شۆلۆخۆف لایەنگری ستالین بووەو نابێ خەلاتی نوبێل - ی بدرێتێ. چەند ساڵێکیش بەر لەمردنی، پێشنیارکرا خەلاتی نوبێل بدرێتە پاپلۆ نیرۆدا، گونەر ئێکێلۆڤ دژی ئەوە بوو کە پاپلۆ نیرۆدا ئەم خەلاتەی بدرێتێ و دەیوت: نیرۆدا دەستی هەبووە لەکوشتنی ترۆتسکی، بۆیە شایستەی ئەو خەلاتە نییە و پێویستە بەوردی بە وەسیەتنامەی نوبێل_ دا بچینەوە.

## قەسیدەی بێزەنتینی

دیوان لەبارە میری ئێمگیون 1965

داستانی فاتیمە 1966

رێنیشاندەری ناخی زەوی 1967

سەرەتای رۆژەکانی سالی 1965 لە ماڵەوە، مافوور لەبن پێیدا دەخزێت، دەکەوێت و چەند پەراسویەکی دەشکێن. ماوەیەك لە نەخۆشخانە دەکەوێت. ئەوکاتەی " ئینگرید"ی ژنی سەردانیکرد، لە رێگا بیری لەوەکردەوە، کاتێك گوننار لە نەخۆشخانە دەردەچێت، چی بۆبکات. بیری بۆ ئەوەچوو کە پایتەختی بێزەنتینییەکان ببینێت، چونکە لەمێژە حەزی لە خوێندنەوەی مێژووی ئەوانە. کاتێک گوننار ئەم پێشنیارەی بۆ کرا، یەکسەر رازی بوو، دڵخۆش بوو، حەزی دەکرد کۆشکەکانی قوستەنتین و کانییە پیرۆزەکە "هاگیاسمە"، کە لەناو مەزاری " ڤلاکێرنێ "یە و نزیکەی 400 ساڵ پاش لەدایکبوون دروستکراوە، ببینێت. بۆ گ. ئێکێلۆف، سەردانی مەزاری " ڤلاکێرنێ " و کانی " هاگیاسمە" ی پیرۆز، مانایەکی تایبەتییان هەبوو. چونکە هەردووکیان سیمبۆلی داب و نەریتی کولتوورەکانی دەوروبەری دەریای ناوینن. ئەگەر دەستی بە ئاوی ئەم کانییە تەڕ ببێ، ئەوا پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە داب و نەریتێکی هەزار ساڵییەوە دەبێت.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لە 26 ی ئاداری 1965 دەگەنە ئەستەنبۆل. کە چوون مەزار و کانییە پیرۆزەکە ببینن، مجێورێك بەخێری هێنان. لە هۆڵێکی رووناکەوە بە پلیکانە چوونە خوارەوە. ژوورێکی بچووك بوو، کانییە پیرۆزەکە لەلای راست بوو، لە نزیك حەوزەکەدا ئێکۆنێکی گەورەی مریەم بەدیواردا هەڵواسرابوو. مجێورەکە بە کوپێکی زیو ئاوی بەدەستییانداکرد. ئینگرید دەگێرێتەوە: گونەر زۆر سەرسام بوو، لە خۆشیاندا دەلەرزی، هەوڵیدا بە گرێکی باسی هەستی خۆی بۆ مجێورەکە بکات، بەڵام مجێورەکە تێی نەگەیشت، گوننار خۆی پێڕانەگیرا و - بەشەرمەوە - ئەملاوئەولای ماچکرد.

پایتەختی بێزەنتینییەکان ئێوارەی بەسەردا کشاو ئەوانیش وردە وردە گەڕانەوە هوتێلەکەیان. گوننار بوتلێك کۆنیاکی داواکرد و ئەو شەوە حەڤدە شیعری نووسی.

گ. ئێکێلۆف بەردەوام شیعری دەنووسی. کەم هەفتە هەبوو، تێیدا شیعری نەنووسیبێت. بەڵام، ئەو ئیلهامە گەورەیەی کە ئەم ئێوارەیە لە ئەستەنبۆل بۆی هات، شتێکی تایبەت بوو. ئەو خۆیشی بەوە حەپەسا بوو، کە هێندە گەورە و بەتەوژمە. وای هەستدەکرد، پەیامە و فریشتە بۆیان هێناوە.

دوای هەفتەیەك مانەوەیان لە ئەستەنبۆل _ ی پایتەختی بێزەنتینییەکان، سەفەری ئیزمیر دەکەن. کۆنە بازاڕی ئیزمیر خەیاڵی گوننار بۆ سەردەمی بێزەنتینییەکان هەڵفراند. لەوێ لەناو ئاپۆڕەی خەڵکدا پیرەمێردێکی کوێر دەبینێت. بۆ گ. ئێکێلۆف کوێرەکانی ئیزمیر، نوێنەرایەتی داب و نەریتێکی زۆر کۆنی گرێکی و بێزەنتینییەکانیان دەکرد. لە بێزەنتدا، کوێر کردنی مرۆڤ سزایەکی باو بوو. بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا مرۆڤی نا بینا رێزی لێدەگیرا، چونکە باوەڕیان وابوو، کە نابیناکان بەهرەیان هەیە، هەست و بیر تیژن و فەنتازیایان لە خەڵکیتر گەورەترە. لەوێش یازدە شیعری نووسی.

کە لەناوەڕاستی ئەپریلدا گەڕانەوە بۆ سوێد، هزر، هەست و خەیاڵی هەر لای بێزەنتینییەکان بوو. گوننار لە باشی ئەم شیعرانە دڵنیا نەبوو، چونکە ئەم شیعرانەی لەرووی فۆرم و ناوەڕۆکەوە جیاواز بوون لە هەموو شیعرەکانی تری.

دەمێ ویستی شیعرەکان رێکبخات، لەگەڵ "رێیدەر ئێکنەر" دانیشتن و تێبینی و بۆچوونەکانی ئەویشی بەهەند وەرگرت. چونکە " ئێکنەر" لە ساڵانی شەستدا زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەر شیعرەکانی ئەو نووسیبوو و گوننار و دنیای شیعری ئەوی باش دەناسی. لە کۆتایی ساڵی 1965 قەسیدەی " دیوان لەبارەی میری ئێمگیون " چاپکرا. ئەم قەسیدەیە باسی میرێکی کورد دەکات، لە سەردەمی بێزەنتینییەکان چەند ساڵێك لە قوستەنتینیە بەند دەکرێت. دوای ئەوەی کە هەردوو چاوی کوێردەکەن، ئازادی دەکەن. بەشی یەکەم باسی سەردەمی گرتوخانە و هی دووەمیش باسی گەڕانەوەی بۆ ناوچەی وان دەکات. " میری ئێمگیون " ئاماژەیە بۆ خۆیشی. لە کۆتایی ساڵانی بیستدا لە فرەنسا دەبێت، کە جارێکیان هەر بۆ کات بەسەر بردن،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەشداری بازنەیەکی زیکر و حاڵ گرتن دەکات. لە کاتی حاڵ گرتندا دەپرسێت : من کێم؟ دەنگێک پێی دەڵێ : تۆ " میری ئێمگیون " یت.

لە من ناوەشێتەوە
لەکەمینەوە بکوژم
من خۆم کەوتمە ناو کەمین و دەستگیرکرام
لەسەرخۆش دەمکوژن
زۆر لەسەرخۆ

دیگێنیس ئەگەر بەرانبەری تۆ بمامەوە
چەکەکانمان دادەنا
باوەشمان بەیەکدا دەکردو
زۆر لەگەل یەکدی دەدواین
کە ئەمڕۆ، لەسەر چی شەڕ بکەین و
لەماڵئاواییشدا باوەشمان بەیەکتریدا دەکردەوە
* * *
هەتائێستاش لە قوستەنتینییەدا دەژیم
ئەگەر پێیبگوترێت ژیان
میرێکی ئەو هۆزەی کوردانم
کە لەسەرەوەی وان لەوەرگامان هەیە
* * *
بەنێوانی شیشەی پەنجەرەکەوە
با پەڕی باڵندەیەکی هێنا ژوورەوە
یان یەکێکیدی هێنای
دەمێکی زۆر لەسەر زەوی مایەوە
تا بەدەست هەڵمگرتەوە
- پەڕێکی ئاسایی باڵندە

ئێستا دەمەوێ نهێنی بەندێکت پێبڵێم:
هەموو کۆترێك ئاسایی نیە.

تا پاییزیش، هێزی ئەو ئیلهامەی کە لە ئەستەنبوڵ و ئیزمیر بۆی هاتبوو، هەر کاریگەر بوو لە سەری. ئەوکاتە لە دەفتەری یاداشتدا نووسیویەتی : پەیامێکم بۆ هاتووە، کە توانیومە بە نیوەچڵی بیگەیەنم.(....) هەموو ژیانم دەگۆڕێت،

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەورەترین ئیلهامم بۆ هاتووە، ناتوانم بشخۆمەوە_  وەکو ژەهرێکە لە ناخدا.....
جۆرە پەیامێکم بۆ هاتووە و دەبێ هەوڵبدەم وەڵامی بدەمەوە.
لە سەردەمی ژیانیدا رەخنەگرەکان، گ. ئێکێلۆڤ ـ یان بە رووخساری شیعری هاوچەرخی سوێدی ناودەبرد. یەکێك لەو رەخنەگرانە یۆرا ئێریکسۆن بوو، کە لەبارەی گەورەیی گ. ئێکێلۆف ـ وە نووسیویەتی: هەرجارێك کە گ. ئێکێلۆڤ دیونێکی نوێ چاپدەکات، شیعری سوێدی رەوتی خۆی دەگۆڕێت.

لە 16 ئاداری 1968 لە نەخۆشخانەدا دەمرێت و ئینگریدی ژنی شیعرێکی گ. ئێکێلۆڤ_ ی وەبیر دێتەوە کە نووسیویەتی: سەرەتا بسوتێندرێت و خۆڵەمێشەکەیشی فرێ بدرێتە ناو دەریاوە. ئەوەبوو لەگەڵ چەند دۆستێکی گ. ئێکێلۆڤ ـ دا خۆڵەمێشەکەی دەبەنە تورکیا، ئەو تورکیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەی کە گوننار ئاشقی بوو. خۆڵەمێشەکەیان بەسەر رووباری "پاکتولوس" پەرشوبڵاوکرد، ئەو رووبارەی کە گ. ئێکێلۆڤ زۆر پیاسەی لەسەر کەنارەرەکەیدا کردبوو.

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com